# گرووپی “کەتیبەکانی حزبوڵڵا” بەشێکە لە هێزەکانی حەشدی شەعبی

**مایکڵ نایتس (**Michael Knights**)**[*]

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:** جەمال پیرە

گرووپی کەتیبەکانی حزبوڵڵا کە لەلایەن ئەمریکاوە خراوەتە ناو لیستی تیرۆرەوە، لایەنێکی چالاك و کاریگەری ناو هێزی”حەشدی شەعبی”یە. ئەو هێزەی، سەرۆکوەزیرانی عێراق محەمەد شیاع سوودانی کە لە ١٥ی نیسان سەردانی کۆشکی سپیی کرد، کە دەبێ لەژێر سەرکردایەتیی سەرۆکوەزیراندا بێت و، مووچەی بۆ دابین دەکات.

ئەو کاتەی ئەمریکا لە ڕۆژانی ٣ و ٧ی شوباتی ٢٠٢٤دا ئەندامانی “کەتیبەکانی حزبوڵڵا”ی کوشت، پێنتاگۆن هەوڵی دا بەهەڵە ئیدیعای ئەوە بکات ئەمریکا ئەندامانی هێزەکانی حەشدی شەعبی بەئامانج ناگرێت، چونکە ئەوان عێراقین و هێزێکی ئەمنین لەلایەن سەرۆکوەزیرانی عێراقەوە سەرکردایەتی دەکرێن و لە ڕێگەی لیژنەیەکی سەرۆکوەزیرانەوە مووچەی ئەندامەکانی دابین دەکرێت.

جەنەڕاڵ پات ڕایدەر، سکرتێری ڕۆژنامەوانیی پێنتاگۆن لە ٥ی شوباتی ٢٠٢٤دا ڕای گەیاند “ئەو کەسانەی لێیان دەدەین، بەشێك نین لە “هێزەکانی حەشدی شەعبی”. وێڕای ئەوەی سەرۆکوەزیران محەمەد شیاع سوودانی لە دوای لێدانەکەی ٣ی شوباتدا سەردانی سەربازە بریندارەکانی “حەشدی شەعبی”ی کرد، ڕایدەر دواتر لە ٨ی شوباتدا ئاماژی دا بەوەی فەرماندەی “کەتیبەکانی حزبوڵڵا” کە ڕۆژی ٧ی شوبات لە هێرشیکی ئاسمانیی ئەمریکیدا کوژرا “ئەندامی هێزەکانی حەشدی شەعبی نەبووە، بەڵکوو فەرماندەی “کەتیبەکانی حزبوڵڵا” بووە. دیسانەوە ئەمە بەدرۆ خرایەوە: فەرماندەی “کەتیبەکانی حزبوڵڵا” ئەبو باقر ساعدی، ڕاوێژکاری بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ناوەندی سەر بە “هێزەکانی حەشدی شەعبی” بووە بە سەرۆکایەتیی ئەبو زەینەب لامی (ناوە ڕاستەقینەکەی “حوسێن فەلاح عەزیز لامی”یە)، کە سەر بە “کەتیبەکانی حزبوڵڵا”یە و ناوی لە لیستی سزاکانی ئەمریکا و پێشێلکارانی مافی مرۆڤدایە و لە دوای مردنیشی ناسنامەکەی بڵاو کرایەوە کە سەر بە “حەشدی شەعبی” بووە.

لە سەرووبەندی ئامادەبوونی محەمەد شیاع سوودانی لە واشنتۆن، گرنگ بوو ڕاستییەکانی پەیوەست بە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان کەتیبەکانی حزبوڵڵا و حکوومەتی عێراقی دووپات بکرێنەوە لەوانە لەگەڵ ئۆفیسی سەرۆکوەزیرانی عێراقیدا.

سەرۆکی ئەرکانی “هێزەکانی حەشدی شەعبی” و فەرماندەی باڵای ئۆپەراسیۆنەکانی ڕۆژانەی، ناوی “عەبدولعەزیز محەمەداوی”یە (کە بە ئەبو فەدەك ناسراوە) و سەر بە “کەتیبەکانی حزبوڵڵایە” و پێشێلکارێکی مافەکانی مرۆڤە و لەلایەن ئەمریکاوە ناوی خراوەتە لیستی تیرۆرەوە.

ئەبو فەدەك لە ٥ی نیسانی ٢٠٢٤دا عەلی خامەنەیی، ڕێبەری باڵای ئێرانی وەك فەرماندە و سەرکردەی خۆی دەسنیشان کردووە. ئەمەیش واتا "کەتیبەکانی حزبوڵلا" وەرگری یەکەم و سەرەکیی زیاتر لە ٢,٦ ملیار دۆلارە لە بوودجەی ساڵانەی عێراقدا کە بۆ "هێزەکانی حەشدی شەعبی" تەرخان کراوە. هەر یەکە لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و ئۆفیسی سەرۆکوەزیران مۆڵەتیان داوە پارە لە دەوڵەتی عێراقەوە بە "کەتیبەکانی حزبوڵلا" بدرێت.

ئەو بەرپرسە ئەمنییەی لە "هێزەکانی حەشدی شەعبی"دا ئاماژەی پێ دراوە "ئەبو زەینەب لامی"یە، کە ناوی لە لیستی تیرۆر و پێشێلکارانی مافەکانی مرۆڤدا هەیە و لە لیستی سزاکانی ئەمریکادایە.

گرووپی "کەتیبەکانی حزبوڵلا" لیواکانی ٤٥ و ٤٦ و ٤٧ ی هێزەکانی "حەشدی شەعبی" بەڕێوە دەبات کە لەلایەن دەوڵەتەوە پارەیان بۆ دابین دەکرێت. زنجیرەی سەرکردایەتیکردنی بە ناو لە ڕێگەی "دەستەی حەشدی شەعبی" لە نووسینگەی سەرۆکوەزیراندا درێژ دەبێتەوە، پاشان دەگاتە سەرۆکوەزیران. هاوکات ئەم گرووپە بەشی هەواڵگری و مووشەك و زرێپۆشی هێزەکانی "حەشدی شەعبی" بەڕێوە دەبات، لەگەڵ "یەکەی هێزی تایبەتی ٣١٣" و "یەکەی هەواڵگریی ١٠١" (کە هەردووکیان لەلایەن ئەبو فەدەکەوە سەرکردایەتی دەکرێن).

لە ماوەی ڕابردوودا گرووپی "کەتیبەکانی حزبوڵلا" بەرپرسی ڕاستەوخۆ بوو لە: کوژرانی سێ کەسی ئەمریکی لە ٢٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ لە ئوردن. ڕفاندنی ئەلیزابێس تسۆرکۆڤ، توێژەر لە زانکۆی پرینسێتۆن، ساڵێك لەمەوبەر لە شاری بەغدا. سەرکردایەتیکردنی دەیان هێرشی مووشەکی بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (درۆن) بە ناوی "بەرەنگاریی ئیسلامی لە عێراق" (موقاوەمە) بۆ سەر بنکەکانی ئەمریکی لە "ئەسەد" و "تەنەف" و "تاوەری ٢٢". هەڕەشەی چەکدارکردن و ڕاهێنانی بزووتنەوە یاخیبووەکانی سعوودیا و بەحرێن و ئوردن.

لە کاتێکدا سوودانی سەردانی واشنتۆنی کرد، گرنگ بوو هەموو دەزگەکانی ڕاگەیاندن و سەرجەم بەرپرسانی کۆنگرێسی ئەمریکا ڕاستەوخۆ دەربارەی پەیوەندی لەگەڵ گرووپی"کەتیبەکانی حزبوڵلا" پرسیاریان لە سوودانی بکردایە؛ ئەو گرووپەی لەلایەن ئەمریکاوە خراوەتە ناو لیستی تیرۆرەوە، بەو پێیەی فەرماندەی باڵای "هێزەکانی حەشدی شەعبی"یە، سوودانی دەتوانێت بە سەرە قەڵەمێك بڕیار بدات ئەندامانی "کەتیبەکانی حزبوڵلا" لە ناوی "هێزەکانی حەشدی شەعیبی"دا دەربکات و مووچەیان ببڕێت، بەڵام ئەم کارە ناکات. جگە لەوەیش، بەدواداچوون بۆ پێشێلکارانی مافی مرۆڤ و بکوژ و ڕفێنەرانی ناو "کەتیبەکانی حزبوڵلا"ی سەر بە هێزە ئەمنییەکانی عێراق ناکات، هەروەها نەیتوانیوە ئەلیزابێس تسۆرکۆڤ ئازاد بکات دوای ساڵێك لە بەدیلگیرانی لەلایەن "کەتیبەکانی حزبوڵلاوە"؛ ئەو گرووپەی کە سوودانی دەسەڵاتی فەرمیی بەسەردا هەیە.

* "**مایکڵ نایتس**" (Michael Knights) لە پەیمانگەی واشنتۆن لێکۆڵەرە و پسپۆڕە لە کاروباری سەربازی، ئەمنیی عێراق و ئێران و وڵاتانی کەنداو و، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پلاتفۆرمی میلیشیا سپۆتلایت.

**سەرچاوە:**